| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٥ | ئەم کتێبە پێشکەشە |
| ٦ | هەڵبژاردنی کەسایەتی کاک ئەحمەدی موفتی زادە بۆ؟ |
| ٨ | ئەحمەدی موفتی زادە کێیە؟ |
| ١٠ | چەند تێبینیەك |
| ١١ | پێشەکی |
| ١٤ | پەیام وپەیامداری |
| ١٧ | پەیامی هەژار لاوێنی |
| ٣٠ | پەیامی دۆستایەتی |
| ٥٩ | پەیامی بانگەوازکاری |
| ٦٣ | پەیامی ناسینی دوژمنی ڕاستەقینەی مرۆڤ |
| ٦٤ | پەیامی داننان بە هەڵە |
| ٦٧ | پەیامی تەساموح لێبوردەیی وگەردەن ئازادی لەدڵدا |
| ٨١ | پەیامی فەرموودەناسی |
| ٨٧ | پەیامی ئیمان وکوفر وجەنگی ئیسلام لەگەڵ ناموسڵمانانا |
| ١٠٠ | ریسالەتی (کبری) وریسالەتی (صغری) |
| ١٤٢ | سەرچاوەکان |
| ١٤٣ | سوپاس و پێزانین |


Scanned by CamScanner

# چەند تێبینی یەک

1. نووسەری ئەم کتێبە نەیوستووە و ناشیەوێ بانگەشە بۆ فیکری هیچ کەسێك و پەیوەستیی و پەیڕەویی لە نەهج و بەرنامەی هیچ تاقم و گروپێك بکات، ئەمەش تایبەت مەندییەکە و کەم کردنەوەی نرخ و بەها و، کاری هیچ یەکێك لە دەستە جەمعەکان نیە، بۆیە هەرچی لە دوو توێی ئەم کتێبە نووسراوە زادەی بیر و تێڕوانینی تایبەتی(نووسەر) خۆیەتی دەربارەی ئەو گەورە پیاوە و بە تەنها خۆی لە دانە دانەی بۆ چوونەکان بەرپرسیارە.

2. نووسەری ئەم کتێبە لە توانای دا نەبووە ئیحاطەی تەواوی پەیامەکانی ئەم کەڵە پیاوە بدات و لە هەموو وردو درشتێکی بینشەکانی بکۆڵێتەوە و ئاشنایان بکات بە خوێنەرانی، بۆیە پێی خۆشە ئەم کتێبە وەك خوێندنەوەی بەشێك لە ژیان و بەرهەم و پەیامەکانی تەماشا بکرێت و ئەگەر هەر کەم و کورپیەکیشی تێدا بینرا ئەوا بزانرێ کە هی کەم بینی و کورت بینی خودی نووسەرەکە خۆیەتی.



Scanned by CamScanner

تەنانەت گلەییشی لێ ناکەیت، چونکە تۆ کەسێکی پەیامداری و لەوە تێگەیشتووی کە گرنگ ئەوە نیە دۆستەکانت چاکە ناکەن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە خراپە بە دەست و دڵ و زمانیان نەکەنە پیشەی هەمیشەیی خۆیان. ئیدی بەمە ئاسان دەتوانی دڵنەرم بیت لە بێ هەڵوێستی دۆستەکانت و، ئاسانیش دەتوانی رق وکین هەڵنەگری لە دەروونتا بەرامبەر خەڵکی.

● (چاکە)ی بچووکی خەڵکیت لەلا گەورە و (خراپە) ی گەورەی ئەوانت لە دڵدا بچووك بێ، لە بەرامبەردا (باشە) ی گەورەی خۆت لەلا بچووك و(خراپە) ی گچکەی خۆت لە دڵ مەزن بێت، بەم پەیامە دەتوانی بۆ (چاکە) ی بچووکی بەرامبەرەکانت ستایش بنێری ولە (خراپە) گەورەکانیشیان ئاسان ببووری، لە بەرامبەریشدا بۆ (باشە) مەزنەکانی خۆت فریوی نەفس وشەیتان نەخۆیت و لە (خراپە) بچوکەکانیشت ئاسان نەبووری ..کاك ئەحمەدی موفتی زادە تەواوی ئەم دوو پەیامە مەزنەی لەم چەند دێرە شیعرە کورت کردۆتەوە :

خۆت رزگار دەكەيت و لەسەر لووتكە بەرزەكانى دەروونيشت ئالاَّى راستى و ئازادى (دلّ و ژيريى ) ت، هەلّدەكەى ...

- بۆ پاداشت ئەگەر خاوەنى چاكەكەشت دەست نەكەوت، نزيكان و دۆستانى (خاوەن چاكەكە) بەهرەمەند كە لەو خەلاَّتانەى كەبەنيازى بيانبەخشيت، بەلاَّم بۆ سزا : ئامان هەرگيز نەكەى جگە لەخودى تاونبارەكە خۆى كەسى تر سزا بدەى، دايك و باوك و خوشك و برا و كەس و كار، كەسيان دەستيان لە تاوانەكەى ئەو نيە، هيچ بيانوويەكيش بۆ سزادان و ئازاردانيان لە ئارادا نيە، تۆ با يەكەم تێكشكێنەرى ئەم داب ونەريتە ناتەندروستەى كۆمەلّگا بيت و بەم هەلّوێستەشت بچيتە ريزى مەردو جوامێرانەوە ...

- دواى هەموو گوفتارو رەفتارێكت گوێ لە دەروونى سەلامەتى خۆت بگرە و بزانە دەلّێ چى؟ ...... بێ گومان: ئەوەى گوتووتە و كردووتە ئەگەر باش بووبێ: ئەوا ئارامييەكى بێ پايان رووت تێ دەكا و هەستێكى هێمنى خۆشنوود داتدەپۆشێ، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەوەى گوتووتە وكردووتە ناتەندروست بووبێ: گڕى شلّەژان و نائارامى و دلّەراوكێ لەدەروونتا كلّپە دەسێنێ، بەدەنگێكى ويژدان هەژێن لەسينەتدا ئاگادارت دەكاتەوە و پێت دەلّێ (چيت كرد؟ نەدەبوو وات



Scanned by CamScanner

● ئەگەر لەغیابی ( ئەو )، لە پاشەملە : شتیٚکی نادروست و ناشایستەت لەبەرامبەر کەسیٚك گوتبوو ویژدانت ئازاری دەدایت : ئەوا یەکەم بینینی ئەو کەسە بەهەل بزانە و داوای لیٚبوردن وگەردەن ئازایی لیٚ بکە، بە هیچ جۆریٚك گویٚ بەپایەی کۆمەلاٌیەتیت و نمرەی کەسایەتیت مەدە، ملکەچی و بچووکی لەبەرامبەردا بنویٚنە وەك وەستانی سەربازیٚکی سەرپیٚچیکار لەبەردەم فەرماندە و سوپاسالاریٚکی دادگەری بە هەیبەت دا..

● وەختیٚ هاوریٚکەت قسەت بۆ دەکات، تەماشای رەنگ و رووخساری بکەو هەموو هەست وهۆشی خۆتی لەخزمەت دانیٚ، رووت لیٚی وەرمەگیٚرە و خۆت بەهیچ شتیٚك خەریك مەکە و، بەهیچ شیٚوەیەك تەریقی مەکەوە، ئەو شتەی کە بۆت باس دەکات ئەگەر تەواوی بابەت و بەسەرهاتەکەشت لەلابوو قسەی پیٚ مەبرە و وای نیشان مەدە کە پیٚشتر ئەو باسەت زانیوە، بەم ئاکار و هەلٌویٚستە بەرزەت ( ئەو ) : هەست بە بوون و نرخ و بەهای زیٚتری خۆی دەکات و ( تۆ )ش : تای تەرازووی کەسایەتیت سەنگینتر دەبیٚ ...



Scanned by CamScanner

درکاندووه، ئەمەشیان نمونەیەکە کە (نەفس) بە دوژمنێکی سەرسەختی مرۆڤ دەزانێت لەکاتێکا بەداخەوە زۆربەی مرۆڤە زیانمەندەکان لێی بێ ئاگان، دەفەرمووێ :

( زڵمت کە لێ بچێ لـە نەگـــرویسی زاڵمـێ

بۆ توڵە خــۆ خوەراس وخەوت لێ حەرام ئەبێ

هیچ دوژمنێ هەزار یەکی نەفست شەڕی نیە

چۆنە لە شوێنی ئەمری، دڵت بێ سەقام ئەبێ )



Scanned by CamScanner

ئەگەر ئەتۆم لێ زویر نەبێ من هیچ باکم بەم شتانە نییە، ئەو دڵەست بوو بەوەی لەشەڕدا وەختێ سەربازێکی لەشکری ناموسڵمانان بە بریندار بەجێ دەما لەجیاتی ئەوەی حەزرەت گیان فەرمان بە کوشتنی بدات، بەخۆی دەچووە سەر لاشەکەی و سەری دەخستە سەر ڕانی موبارەکی و بە دەستە زۆر پیرۆزەکانی تەپ و تۆز و خوێنی سەر دەموچاوی سەربازەکەی لادەدا و بەر لەژینی خەمی دینی دەخوارد و چاوە موبارەکەکانی بەقووڵیی دەبڕییە چاوەکانی و بەهۆیەوە هەزاران تروسکایی ڕەحمەت دەڕژایە ناو چاوەکانی و دڵ و گیان و هەست و نەست و تەواوی پێکهاتی بوونیان درەخشان دەکرد و لەناخ و دڵێك پڕ لە دڵسۆزی و بە زمانێك پڕ لە سوکنایی پێی دەوت بڵێ ( لا إله الا الله ) تا شەفاعەتت بۆ بکەم لەدوا ڕۆژدا، ئەمەشی چەندین جار بەگوێی دا دەچرپاند و کۆڵی نەدەدا تا بە ئارەزووی خۆی شایەتومانی پێ دەهێنا، ئەو بیری لەوە نەدەکردەوە ئەو سەربازە ناموسڵمانە بۆ شەڕ و کوشتاری موسڵمانان هاتووە، ڕەنگە دەست و شیریشی سوور بێت بەخوێنی هاوەڵانی، بەڵکو ئەو هەمیشە ئەم پەیامە : ﴿وما أرسلناک إلا رحمة للعالمین﴾ تێکەڵ بەدڵ وگیان و هەست و نەست و تەواوی ذەڕڕاتی وجوودی ببوو، موفتی زادە سەراسیمە بوو بە



Scanned by CamScanner

خۆیەتی ئەم منداڵە قسەی ناخۆش و ناشایستە بە دکتۆرەکە دەڵێ ندك
ئەوای کە رقی لێی ببێتەوە:

( ئەگەر هەژاران لەبەر هەژاری

خڵەتیان تفیان لێت کرد مەیگرە دڵ

حەکیمێ دڵسۆز،منالێ نەخۆش

هەزار جنێو بـــــــا ناکەوێتە سڵ )...

خۆ ئەگەر تەماشای ژیانی رۆژانەی خۆیشی( موفتی زادە ) بکەین دەبینین پڕە لەنواندنی ئەم هەڵوێستە مەردانەی ... وەختێ دەیانگوت: ( ئەحمەدی موفتی زادە ڕەنجی کوردی بە بادە ) دەیگوت گەر بچینە ناو ناخی ئەوان و تەماشای ئەو پێناسەیە بکەین کە بۆ منیان کردووە لە دەروونیانا ئـەوا ڕاست دەکـەن، بۆیە ناکرێت تـۆ گـلەیی لەکەسێك بکەیت کە ( بە پێودانگی هۆش و بیری خۆی ) پێی وایە ڕووبەڕووی خائینێك بۆتەوە... لەراپەرینی خەڵکانی موسڵمانی ئێران، وەختێ کاك ئەحمەد لەزیندانا بوو، خەڵکانێکی ناسراو هەبوون (توقیع = واژوویان) کردبوو کە کاك ئەحمەد لەسێدارە بدرێ، کاتێ خوا ئەم قەدەرەی نەهێنا



Scanned by CamScanner

ئەمەش بەهۆی یەکێك لەو هۆکار و ڕێگایانەی کە لەپەیامی ڕیساڵەتی ( صغری ) ی ئەم کتێبەدا باسکراوە)..

کاك ئەحمەدی موفتی زادە لە ریزبەندی ئەو پێشەوایانە بوو کە پێی وابوو نابێ هەروا بە ئاسان بڕیاری قبووڵ یان ڕەتکردنەوە، فەرموودە یان نا فەرموودە، بەهێز و باش و دروست یان لاوازی فەرمایشتەکانی حەزرەت بدەین، بەڵکو لەمەولا جگە لەو مەرجانەی کە بۆ فەرموودەی دروستیان داناوە و زۆرترین یەکلایی کردنەوەیان لەسەر پیاوانی سەنەدەکانە، دەبێ بەقووڵیی لەناو مەعنا و ناوەڕۆکدا کاربکەین و بۆئەم مەبەستەش دەبێ باوەڕ بێنین بەوەی کە مەعنا و ناوەڕۆکی هەرفەرموودەیەك کە هی حەزرەت بێ:

- لەگەڵ ئەصڵە هۆکاری هاتنی ئایین بۆ مرۆڤایەتی هەماهەنگە..

- لەگەڵ سەرجەم ( أسماء وأفعال ) ی خوداو، تەواوی پەیامە بنەڕەتییەکانی قورئان گونجاوە..

- ئەو باس وحوکمەی کە لەناوەڕۆکی فەرموودەکەدا هاتووە: بوون و، بناغەو،ئاماژەی لەقورئانا بەرۆشنیی هەیە، چونکە حەزرەت



Scanned by CamScanner

پەیمانیان لێ وەردەگیردرێ کە جارێکی تر بەشداری شەڕی دژ بە موسڵمانان نەکەنەوە..(ئەگەر سەربازی ئەو لەشکرەش بوون کەلەسەر زەمین و سنووری ئیسلام و موسڵمانان دەژیان) ئەوا دوور دەخرێنەوە بۆشوێنێك کەئیتر جارێکی دی هێزو دەسەڵات پەیدا نەکەنەوە بۆ بەگژداچوونەوەی ئیسلام و موسڵمانان: ﴿ إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ...﴾ (المائدة:33)

(تێبینی: ئەم حوکمەی دوایی کە بۆ شەڕانگێزانی ناو سنووری ئیسلام و موسڵمانانە دەرحەق بەکەسانێك جێ بەجێ دەکرێت کە بەبێ هیچ پاساوێکی تەندروستی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەپەیام و دەستوور و لە پێشەوا حکوومەتی بەحەقی ئیسلام و موسڵمانان هەڵدەگەڕێنەوە، نەك پێچەوانەکەی .. بەداخەوە بەدرێژایی مێژووی موسڵمانان حکوومەت و پێشەوا گەلێکی ناشایستەی بەناو ئیسلامی بەشمشێری ئەم ئایەتە نەیارانی خۆیان پاکتاو کردووە کە لە ستەم و سەرپێچی و پێشێلکارییەکانیان هاتبوونە دەنگ و داوای مافە ڕەواکانی خۆیان و موسڵمانانی ستەمدیدەیان لێ دەکردن..)

